# نان و ئازادی

**سلێمان عەبدوڵلا یونس**

یەکێک لە شانازیەکانی یەکێتیی بەرز کردنەوەی دروشمی نان و ئازادی بوو بۆ نوسەران و ڕووناکبیرانی کورد ، ئەو کاتەی چیرۆکنوسی ناسراوی کورد محەمەد موکری ( سەگوەڕی ) بڵاوکردەوە خەریک بوو ئازادیەکە ، کە ناوەرۆکی دروشمەکەی شۆڕشی نوێ بوو ، بەفەرمانێکی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژەبەراییەکانی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمەوە ، زیندە بەچاڵ دەکرا .

مام جەلال کەخاوەن و داهێنەری ئەو دروشمەی ناو شۆڕش و یەکێتیی بوو ، مەردانە هاتە دەست و کەوتە سەنگەری موکری ووتی ٭موکری نوسینی نوسیووە ، نوسین بە نوسین ، بە قەڵەم ، وەڵام دەدرێتەوە نەک بەچەک یان شتی دیکە ، ئەم بەرپەرچدانەوەی مام جەلال بوو بەنەریتێکی هەرە جوانی ناو شۆڕشی کورد ، تا هەنوکەش جێگای شانازی پیوەکردنە .

شەڕی ناوخۆ هەموو نەریتە جوانەکانی ناو شۆڕش و ڕاپەڕین و ئەزمونە دیموکراسیەی کوردستانیشی کوشت ، ئازادی بۆ نوسەران لە ئاسمانی سەوز و زەردی حیزبایەتی دا ئەوەندە بەرتەسک کردەوە ، کە نەک مەودای بۆ داهێنان نەهێشتەوە بەڵکوو هەموو بەهرە جوانەکانیشی لە فەزای پیسی براکوژیدا خنکاند ، دەرگای لە بەردەم قەڵەمە قەزەمەکاندا کردووە کە هەلپەرستانە قۆرخی دام و دەزگا ڕووناکبیریەکان بکەن و لەسەودایەکی حیزبایەتی بێ مانادا ئازادی بە پارەی کاش و لێپرسراوێتی و کورسی بگۆڕنەوە و ئەم واقیعە تاڵەش بمانەوێ و نەمانەوێ ، بوو بە بەشێک لە مێژوو و بزاڤی ڕووناکبیریمان و هێشتاش بە

شێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامی هەیە ، کە بەڕاستی جێگەی پەژارەیەکی ڕووناکبیرانەیە .

جێگەی داخە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک لە بەرز کردنەوەی دروشمی نان و ئازادی بۆ نوسەران ، هێشتا ئەو دوشمە هەر لە قۆناغە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی دایە ، ئازادی هەر بە پێوەرەکانی حیزبایەتی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت ، نان هەر بۆ ئەوانەیە کە کوێرانە بەشوێن دەسەڵاتەوەن یان لانی کەم لە ئێستادا خاوەنی گوتار و بیرکردنەوەیەکی جیاواز نین ،لێرەدا دوو نمونەی وەکوو مشتێک لە خەروارێک دەخەمە ڕوو ، ڕەفیق پشدەری لەسەر نوسینی یاداشتەکانی خۆی ، لە شەوی 2005/06/04 دوو نارنجۆکیان بۆ فڕێدایە ماڵەوە لە شاری سلێمانی ، ئەو دەسەڵاتدارانی پارتی تۆمەتبار دەکات ، لە هەمان کاتدا لەلایەن یەکێتیی گەمارۆی ئابووری خراوەتە سەر ، بەو پێیە پارتی و یەکێتیی ، یەکیان ئازادی لێ زەوت کردووە و ئەوی دیکەشیان نان .

مامۆستا خالید دلێر ئەو ناوە ناسراوەی دنیای ئاوازی نیشتیمانی ، بواری ئەدەب و سیاسەت ، لە ماڵەکەی خۆیدا بێناز کەوتووە ، کوڕەکەی (پاڵە)کە خۆیشی کەم ئەندامە و هەقی خزمەتکردن و چاودێریکردنی هەیە خزمەت و چاودێری باوکی دەکات ، یەکێتیی بەدوو جار قەرزاری مامۆستایەکی مەزنی وەکوو مامۆستا خالید دلێرە ، جارێک بەپێی دروشمی نان و ئازادی بۆ نوسەران ، جارەکەی تریش لەبەر ئەوەی کە برای شەهیدی سەرکردە کاک جەعفەری کەم ژیاوی کەڵ ژیاوی هاوڕێی شەهیدانی سەرکردە خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆرابە ، کە بەسێکوچکەی شەهیدانی کۆمەڵەی داینەمۆی یەکێتیی ناسراوون .

slemanyunes@yahoo.co.uk